# بازرگانیکردن بە ژن و ناوی ژن ...

هشام ئاکرەیی



**خەبات و کردەوەی پیاوان بە درێژایی مێژوو سەلماندوویەتی کە پیاوان زیاتر پەنا بۆ توندوتیژی دەبەن لە چالاکیەکانیاندا. بەڵام ژنان زیاتر پەنا بۆ عەقڵ و ژیانێکی پڕ لە خۆشەویستی وئاشتی وئاسوودەیی**

بە دیتنی من هەر بابەتێك سەردێرەکەی بە ناوی ژن دەستپێبکات، دەبێ ناوەڕۆکەکەشی دەربارەی ژن بێت. هەروەها ئەو کیتابەی بەرگەکەی بە وێنەی ژنێك دەرازێنتەوە، دەبێ نەرخانکرابێت بۆ دوان دەربارەی ژن، چ وەکوو دایك یان خۆشەویست یان خوشك و کەسوکار و لەمانە هەموانیش گرنگتر دەبێ پەیوەندی بە کێشەی ئافرەت و مافی ئافرەت لە کۆمەڵگای ئێمەدا هەبێت. هەر کەسانێك لەم قانوونە سروشتیە لابدات، بابەتەکەی یان کیتابەکەی بازرگانی کردنە بە ژن بۆ مەبەستێکی کەسایەتی ناپیرۆز و نارەوا.

ئەگەر بەلای هەندێ پیاو ژن مافی یەکسانی نەبێت لە گەڵ پیاودا، ئەگەر بەلای هەندێ پیاوی ئولداری (دیندار) ی سمێڵ قیتەوە ژن کەم عەقڵ بێت، ئەوە ژن بە درێژایی مێژوو سەرەرای زوڵم و زۆرداری پیاو، خاوەن هەستێکی مرۆڤایەتی بە هێزە و توانای فکری و عەقڵی لای ژن بە هیچ شێوەیەك لەهی پیاو کەمتر نیە. ئەم هەستە نەك تەنیا لای زۆربەی پیاوان نیە بەڵکوو تا سەدەیەکی تریش پیاوان ناتوانن ببنە خاوەن هەستێکی ژنانەی دەوڵەمەند. ئەوەی بەهێز لای پیاو درندایەتی و چەوساندنەوە و کوشتنی مرۆڤە. بۆیە پیاو بەهیچ شێوەیەك ناتوانێ سەرکێشی بزوتنەوەی ژنان بکات و ڕێنوێنیان بکەن.

لە باشترین حاڵەتدا پیاوەکان دەتوانن وەك پاڵپشتێك بن لە ژن و خەباتی ژنان بۆ ژیانێکی یەکسان.

خەبات و کردەوەی پیاوان بە درێژایی مێژوو سەلماندوویەتی کە پیاوان زیاتر پەنا بۆ توندوتیژی دەبەن لە جالاکیەکانیاندا. بەڵام ژنان زیاتر پەنا بۆ عەقڵ و ژیانێکی پڕ لە خۆشەویستی وئاشتی وئاسوودەیی. ئەم جیاوازیە هەتا لە وڵاتانی پێشکەوتووش بەدی دەکرێت. بۆ نموونە کوڕان زیاتر حەزیان لە شەڕ و هێزە و پیاوان کاری سەربازی وپەیوەندی بەهێز و دڵرەقیەوە هەڵدەبژێرن. راستە سیستەمی سەرمایەداری پەیەندی بەو دابەشکردنەوە هەیە بەڵام بیری پیاوسالاری وخودی پیاوانیش ئامادەن بۆ گێڕانی ئەو ڕۆڵە. بۆیە چەوسانەوەی ژن و مانەوەی لەژێر دەسەڵاتی پیاواندا بەشێکە لەو کار وخەباتیەی پیاوان دەیکەن. بۆ ئەو مەبەستەش پیاوان هەموو جۆرە ڕێگایەك دەگرنە بەر و هەموو بیروباوەرێك بەکاردێنن، هەر لە کۆمۆنیزم و لیبرالیزم و بەکارهێنانی وشەو دروشمی بریقەدار تاوەکوو ئاین. ئێستاش پیاوان هەوڵدەدەن بزوتنەوەی مێیینیزم (فیمینزم) بە بیانوی بەرگریکردن لە ژن کونترۆڵی بکەن. شتی هەرە گرنگ لە هەر بیروباوەرێکدا، ناوەرۆکەکەیەتی نەك ناو. هەماهەنگی و باوەڕی هەبوون بە مافی ژنان کردەوە و کارە نەك تەنیا وشەی بێکردەوە، کە لەوانەیە بۆ مەبەستێکی نادیار و لە پێناو بەرژەوەندی کەسایەتی بێت.

وەك ئاشکرا، وشە و پەیڤ دابەشکراون. ئەو وشەیەی بۆ ئاژەڵ و گیانلەبەرەکان و حەیوان بەکار دەهێنرێن جیاوازن لەوانەی بۆ مرۆڤ بەکار دەهێنرێن، بۆیە نابێ ئەو وشەیەی بۆ ئاژەڵ بەکاردەهێنرێت بۆ مرۆڤ بەگاری بێنین. تەنیا کاتێ کەسانێك دەیەوێت سووکایەتی بە کەسانێکی تر بکات، وشەی ئاژەڵ بۆی بەکاردێنێت. بۆ نموونە (کەر) دەتۆپیێت و سکەت دەبێت، بەڵام مرۆڤ دەمرێت. بە گیانی مرۆڤی مردوو دەڵێن تەرم، بەڵام بە جەستەی حەیوانی مردوو دەوترێت کەلەخ. بە هەمان شێوە راو وشەیەکە بۆ ئاژەڵەکان بەکاردەهێنرێت. راوە ئاسك، راوە کەو، راوە کەروێشك وهتد. راونانیش وشەیەکەی ناشرینە دوژمنان بۆ یەکتری بەکاری دێنن. دەڵێن پێشمەرگە سەربازەکانی سەددامی راونان. واتە وشەی راو یان بۆ ئاژەڵ یانیش بە شێوەیەکی ناشرینتر لە ئەنفال بەکاردەهێنرێت.

لێرەدا دێمە سەر بەکارهێنانی وشەی راوەژن (١) کەبەکار هێنراوە. بەکارهێنانی ئەم وشەیە بۆ ژن ئەگەر بە مەبەستی بەرگریکردنیش بێت، شتێکی نا بەجێیە و ڕێز نەگرتنە لە ژن. دابەزاندنی ژنە بۆ ئاستییێکی ناشرین کە نامەوێ هەتتا ناویشی بێنم. ئەکەر ئەم وشەیە بەمەبەستی سەرنج راکێشانی خوێنەر بەکاربهێنرێت، ئەوە بازرگانیکردنە بە وشەی ژن بۆ مەبەستێکی کەسایەتی. جیاوازی نیە، لە نێوان ئەو کەسەی باوەڕی بە راوەژن هەی و ئەو سەرمایەدارەی وێنەی ئافرەتێك بە مەبەستی دعایە و فرۆشتنی کەلوپەل و بەرهەمی خۆی بەکاردێنێ.

زۆربەی هەرە زۆری رومانەکان و شیعر و جیرۆکەکان و هەتا قورئانیش باس لە ژن دەکەن و باس لە دیاردەکۆمەلایەتی و پەیەوەندیەکانی نێوان ژن وپیاو دەکەن، بەڵام تەنیا ئەوانەی باس لە مافەکانی ژن و یەکسانی ژن وپیاو و نەهێلانی جیاوازی نێوانیان دەکەن، دەتوانن و بۆیان هەیە وەك لایەنگر و بەرگریکەر لە مافەکانی ژن خۆیان بناسێنن.

هەر بۆیەش ئێمە ناتوانین (نەجیب مەحفوز) ێك کە خەلاتی نۆبلی وەرگرتووە، بە نووسەرێکی ژنانە دایبنێین، ئەگەر چی جیرۆکەکانی هەمووان باس لە ژن و باری ژنان و کۆمەڵگا دەکەن. چونکە ئەو نووسەرە بە شێوەیەکی ئاشکرا و بابەتیانە وشۆرشگێرانانە باس لە ژنان ناکات و هەوڵی نەداوە چارەسەرێك بۆ کیشەکەیان پێشنیار بکات، تەنیا دیاردە کۆمەلایەتیە باوەکان دەخاتە پێش چاو. هەروەها خودی نووسەریش ناڵێت من بەرگری لە ژن دەکەم و ناوی ژنیشی بەکار نەهێناوە بۆ مەبەستێکی نارەوا.

جیاکردنەوەی ژن وەك جەستەو و عەقڵ و کێشە و ناو لە کاری پیاو و دوورخستنی لە بازاری کاری پیاوانە و بازرگانیکردن بە ژنان چ وەك مرۆڤ و چ وەك ناو، مافێکی سەرەتایی هەر مرۆفێکە و پەیوەندی بە وەحشیەتی پیاوانەوە هەیە نەك بە ژن.

(١) بیرۆکەی ئەم بابەتە لە نامەی ژنێکی بەڕێزەوە وەرمگرتووە کە بۆ منی ناردبوو.

## ئەو هەواڵانەی بۆ ژنان گرنگن

### هیومان رایتس وچ هۆشداری لەبارەی پێشیلکردنی مافەکانی ژنان لەدەستووری ئێراق دەدات

ڕێکخراوی هیومان رایتس وچ هۆشداری ئەوەیدا کە رەنگە لە دارشتنەوەی دەستووری نوێی ئێراقدا مافەکانی ژنان پێشێل بکرێت، هەربۆیە جانێت وڵش ڕێکخەری کاروبارەکانی بەڕێوەبەری مافی ژنان لەرێکخراوەکەدا نامەیەکی ئاراستەی هەمام حەمودی سەرۆکی لیژنەی دەستووری لەکۆمەڵەی نیشتمانی کرد، کە تیایدا هاتووە:"پێویستە ئەندامانی لیژنەکە مافەکانی ژنان بپارێزن وژنان نەکەن بەقوربانی لەپێناو بەدەستهێنانی هەندێك دەستکەوتی سیاسی، هەروەها جانیت خوازیاربوو ئەنجومەنی نیشتمانی پاشگەز نەبێتەوە لەو مافانەی کە لە دووتۆیی یاسایی بەڕێوەبردنی دەوڵەت بۆ ماوەی گواستنەوە هاتووە، چونکە پاشگەزبوونەوە دەبێتە هۆی پێشێلکردنی یاسایی نێودەوڵەتی تایبەت بەمافە ئینسانییەکانی ژنان، هەروەها پێویستە دەستووری ئێراق گرنتی بدات سەبارەت بە پاراستنی پێگەی یەکسانی بوونی ژنان لەو مەسەلانەی پەیوەندیان بە یاسایی باری شارستانی ومەدەنی وجەزائییەوە هەیە .

### ژنان لەشی خۆیان جوانتر دەکەن

لەپێناو لەشێکی جوان وتەندروست وبیرێکی ئاسوودە بەشی رێکخستنی ژنانی مەڵبەندی یانزەی گەرمیان بەهاوکاری نوێنەرایەتی گەرمیانی لیژنەی ئۆلۆمپی کوردستان وپەروەردەی گەرمیان، هۆڵی لەشجوانی کردەوە، لە بینایی مەڵبەندی چالاکییە وەرزشییەکانی پەروەردەی گەرمیان تەنیشت پەیمانگایی تەکنیکی کەلار، ئەم هۆڵە رۆژانەو بەیانیان لەکاتژمێر ٨تا١٢ وئێواران لەکاتژمێر ٥تا٧ خزمەت بەژنان وکچانی کەلاردەگەیەنێ، هەروەها هۆڵەکە دەیان ئامێری نوێی تیدا هەیە کە دەکرێت ژنان وکچانی شاری کەلار کەڵکی لێوەربگرن .

### ئاوی خواردنەوەی کەلار بەشێوەیەکی بەرچاو پیسبووەو ژنانیش باجەکەی دەدەن

سەرچاوەیەك لە بنکەی ژینکەپارێزی کەلارەوە کە نەیویست ناوی ئاشکرا بکەین، پێ راگەیاندین کە ئاوی خواردنەوەی زۆربەی گەرەکەکانی کەلار بەکەڵکی خواردنەوە ناشێ وتارادەیەکی زۆر میکرۆباوییە، سەرچاوەکە دووپاتی کردەوە کە ئاوی خواردنەوەی کەلار لە سەرچاوەکەوە راستەوخۆو بێ پالاوتن دەدرێتە هاولاتیان وهیچ رێگەیەکی زانستی بەکارناهێنرێت بۆ پاکژکردنەوەی ئەو ئاوەی کەسەرچاوەکەی ئاوی رووباری سیروانە .

جێگەی باسە زۆربەی ماڵەکانی کەلار بۆ دابینکردنی ئاوی خواردنەوەی پاك پەنادەبەن بۆ ئەو بیرە ئیرتیوازیانەی کە لە هەندێك لە گەڕەکەکانی کەلاردا هەیە.بۆ ئەم مەبەستەش ژنان وکچانی کەلاری ناچارن چەند کیلۆمەترێك ببڕن وئاوی پاك بۆ خێزانەکانیان دابین بکەن

# گوێگرتن کلیلی پیاوە بۆ کردنەوەی دڵی ژن

یادگار فایەق/زانکۆی سلێمانی

باشترین وساناترین ڕێگا بۆ بەدەستهێنانی دڵی ژن ئەوەیە کە زۆربەی کات گوێگر بیت و بواری پێبدەیت بدوێت، ئەمە دەرئەنجامێکی کورتی ئەو لێکۆڵینەوە زانستییەیە کە پەیمانگایی زانستی ئەمریکی لێکۆڵینەوەی لەبارەوە کردووە، هەروەها لەبەشێکی تر لێکۆڵینەوەکەدا هاتووە" پێویستە پیاوان زۆر کەم بدوێن وزۆربەی کات گوێ لەبەرامبەرەکانیان بگرن بۆ ئەوەی هەستێکی وا لەلای بەرامبەر دروست ببێت کە ئەو پیاوە بەئاسانی سەرنجی رادەکێشرێت ودەکەوێتە داوی خوشەویستییەوە"، لەبەرامبەریشدا لێکۆڵەرەکان ئاماژەیان بەوە داوە کە" چەنەبازەکان وئەوانەی پێیان وایە قسەزانن وبەو ڕێگەیە کار دەکەنە سەرهەستی بەرامبەرەکەیان، هەڵەن ولەخەیاڵدا دەژین وهەمیشە دۆڕاون".لە راستیدا پیاوان هەمیشە دوو دڵن لەمەڕ شێوەی دەرکەوتنیان لەبەامبەر کچان وژنان، لەگەڵ ئەوەشدا گوێ بە دەرئەنجام نادەن، گەورەکان ئەوە دەگێرنەوە کە فرۆشیاری باش ئەو کەسە نییە کە کۆمەڵێك زانیاری لەبارەی شمەکەکەیەوە لەبەر دەکات تا بۆ کڕیاری باس بکات، بەڵکو فرۆشیاری سەرکەوتوو ئەو کەسەیە کە تەنها دەپرسێت، بەڕێزت چێت دەوێ؟ پاشان گوێ بۆ کڕیار شل دەکات، بۆ خوشەویستیش هەمان حاڵەت راستە، چونکە پیاوی وریا ئەو کەسەیە کە هەوڵنادات بە چەنەبازی وێنەیەکی شیاوی خۆی بەبەرامبەرەکەی پیشان بدات، بەڵکو هەمیشە بەرامبەر دەخات سەر ڕێگەکانی کەشفکردنی خۆی، هەروەها جەختکردنەوەی لەسەر ئەوەی کە بە هەموو بوونیەوە گوێ بۆ ئاخاوتنەکان شل دەکات، ئەم حاڵەتە بارێکی گونجاو لەلای بەرامبەردروستدەکات بەوەی کە پیاوەکە هەمیشە گوێ لە قسەکانی دەگرێت وقەت فەرامۆشی ناکات، تەنانەت زۆر جار جەختکردنەوە لەسەر ئەوەی کە پیاو بەها بۆ ئاخاتنەکە دادەنێت گرنگە وەکو ئەوەی بلێت:"راستدەکەی، بەڵێ وایە، باشە، گیان، لەگەڵتام، گوێم لێتە" ئەم بێژانە لەسیاقی حاڵی قسەکردنی ژن وپیاودا رەنگدانەوەی ئیجابی دەبێت، تەنانەت را وەرگرتنی ژن لەکاتی ئاخاوتندا بۆ هەندێ مەسەلەی پەیوەستدار هەستێکی وا لەلای دروستدەکات کە تۆ دەخوازیت بەشداربێت لە را دان لە بارەی مەسەلەکانەوە، هەر بۆیە لێکۆڵەرەکان ئاماژەیان بەوە داوە کە ئەو حاڵەتانەی سەرەوە هانی ژن دەدات تا زیاتر بەردەوامبێت لەسەر ئاخاوتن وهەست بە بەهای خۆی بکات لەلای بەرامبەرەکەی. لەکۆتاییشدا دەبێ ئەوە لەبیر نەکەین کە ئەگەر گەورەترین خەونی پیاو هەمیشە فەرمانڕەوایەتیکردنی جیهان بێت، ئەوا خەونی ژن ئەوەیە فەرمانڕەوای ئەو پیاوە بێت، هەروەها بەشداری پێکردنی ژنان لە هەندێ نهێنی دا زیاتر سەرنجی رادەکێشێت، چونکە هەر وەك ئینگلیزەکان دەڵێن:" پیاو بەداخی دڵیەوە دەمرێت بە بێ ئەوەی لە نهێنی ژن بگات، بەڵام ژن دەمرێت بەبێ ئەوەی شتێك لەم جیهانە لای بە نهێنی مابێتەوە".

# ژنی کورد لە دیدی گەریدەکاندا

تەرزە تاها



کەم نیین ئەو گەریدەو مژدەهێنەرو دبلوماتانەی کە لە کوردەواریدا یان ژیاون یان گوزەریان کردووە،هەر هەموویشیان سەرنج و تێبینییەکانی خۆیان لەمەڕ زۆر لە شت و وردەکارییەکانی ژیانی ئێمەیان تۆمارکردووە جا ئاشکرا کرابێ یان تا هەنووکە لەسەر رەفەکانی دەزگا حکومییەکاندا پارێزراو بن .یەکێك لەو لایەنانەی کە جێی بایەخی ئەو گەریدەو مژدەهێنەرو دبلوماتانەبووە، دابونەریت و هێما جیاکارەکانی کۆمەڵگەی کوردی بووە لە کۆمەڵگەی میللەتانی دەوروبەر، لەناو ئەم بابەتانەشدا رۆڵی کارایی ژنانی کورد لە کوردەواریدا جێی بایەخ بووە ، هەروەها ئەو فاکتەرە جوگرافیو ئابووریو مێژوویانەی کە مافی بەشداری ژنانی لە چالاکییە ئینسانییەکانی کۆمەڵگەی کوردیدا جێگیرکردووەو کەسایەتییەکی بەهێزو بڕوا بە خۆی پێی بەخشیووە،لەم رووەوە نووسەری بریتانی خاتوو ئاجاسا کریستی کە لەگەڵ مێردەکەیدا ماکس مالۆین کە زانای ئاسەوارناسی بووەو بە کوردەوریدا گەشتێکی دۆزینەوەیان کردووە لە بارەی ژنانی کورد لە کتێبی (ئاوها دەژیم) دا نووسیویەتی :" ژنانی کورد جوان ورووخۆش وخۆشپۆشن و هەمیشە سەریان بە پارچەیەکی زەردی مەیلەو پرتقالی دادەپۆشن، جلەکانیشیان کەسك و نارنجیو زەردن، هەروەها بالا بەرزن وکە رێدەکەن سەریان بەرزە بەسەر شانیانەوەیەو تۆزێك رووەوە دوایە، بەوەش سیمای شانازیکردنیان پێوە دیارەو دەموچاویان برونزییەو گۆنایان سوورەو بە زۆری چاوانیان شینە ".زۆر لە گوزەرکەران بە کوردەواریدا باسیان لە کراوەیی و باوەڕ پێبوونی پیاوانی کورد بە ژنان کردووە، هەروەها باسیان لە ئازادی کارکردن و دەرچوونیان لە ماڵدا کردووە تەنانەت لە ناو رەزو لە درووێنەدا شان بەشانی پیاوان کاریان کردووە، ئەمە هەمووی سەرەڕایی کارکردنیان لە ماڵو بەخێوکردنی منداڵو تەنانەت بەشداریکردنیان بە تێکەڵی لە ئاهەنگ و سەیرانکردنداو دانیشتنیان لەگەڵ مێواندا، لەم رووەوە خاتوو ئاجاسا کریستی لە سەردانێکیدا بۆ گوندی (تل براك) دەڵێت:"ئالێرەدا کەژن نابینرێت جێگەی ژنانی کورد دیارە، ئەو ژنانەی کە لەسەرخۆ بەناو ئاوایدا دەگەڕان "ئەو گوڵە ژاکاوو رووخۆشانەی کە ددانەکانیان سپیو درەوشاوەو دەموچاویشیان بە پێکەنین گەشاوە بوو،ئەوان زۆر خۆشئەندام بوون کاتێ سك پڕبوون. ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ کەلتووری کۆنی پێش هاتنی عەرەبەکان بۆ کوردەواری سەرنجی ئەوە دەدەین کە پێگەی ژنان نەك تەنها لەناو کەلتووری کوردی دا بەلکو لەناو کەلتووری میللەتانی ئێرانی باستان یا خود کۆندا بەرزوو پیرۆز بووە ئەم راستییەش لە رێگەی دراوە مێژووییەکانەوە بۆمان دەردەکەوێت، تەنانەت لە ئایینی میللەتانی ئێرانی کۆندا واتا ئاڤێستا ژنان پێگەیەکی دیارو بەرێزیان هەیە و هیچ کات رووبەرووی رووداوێکی هاوشێوەی جاهلیەتی عەرەبی نابینەوە.

ئالێرەدا بە باشی دەزانم ئەوە بخەمە روو کە هەندێك لەو موماڕەساتانەی کە ئێستا ژنی کورد رووبەرووی دەبێتەوە هەموویان دیاردەی جاهلین و لەگەڵ هاتنی عەرەبەکان بۆ کوردەواری پەڕیوەتەوە بۆ ناو دابونەریتی نەك تەنها کوردان بەلکو دابونەریتی میللەتانی رۆژهەلاتی ناوین .

باسیلی نیکیتین رۆژهەلاتناسی رووسیو قونسوڵی رووسیا لە ئێران لە کتێبی (کوردەکان — لێکۆڵینەوەیەکی سۆسیۆلۆژو مێژوویی) کە لە چلەکانی سەدەی رابردوودا ئامادەیکردووە، دەڵێت:"کوردەکان لە هەموو میللەتە ئیسلامییەکانی تر کراوەترن لە مامەڵکردنیان لەگەڵ ژنانداو ژنان لە مەجلیسی پیاواندا دادەنیشن و گوێیش لە راکانیان دەکیرێت، لە زۆر حاڵەتیشدا عەشرەتیان بەڕێوەبردووە"، گوزەرکردن بە مێژووی کوردیشدا تەنها ئەو راستییە دەرناخات کە ژنانی کورد لە بواری دەسەڵاتدا بەشداری پیاوانیان کردووە بگرە لە بوارەکانی تریشدا بەشداری کارایان هەبووە لەوانە:" شاژن ئەستر کە لە کتێبی کورد دناڤ تەوراتێو ئینجیلیێدا ناوی هاتووە، میان خاتوونی ئێزیدی، مەستوورە خانمی ئەردەڵانی، حەبسە خانی نەقیب"و لیستێکی دوورودرێژ کە لێرەدا ئەستەمە هەم بە بیرماندا بێتەوەو هەم ناویان بهێنین.

ئەمڕۆیش پرسیاری گرنگ ئەوەیە ئایا هۆکاری پاشەکشێی ژنان بۆ دوواوە چییە؟ لە کاتێکدا خاوەنی پێشینەیەکی مێژوویی دێرینە لە هەموو بوارەکان !؟